# کۆنگرەی دەهاپ و تورکیایەکی (کەڕ)

کاوە ئەمین

ڕۆژی یەکشەمە (6/8) دەهاپ – پارتی دیموکراتی گەل، لە پایتەختی تورکیا کۆنگرەیەکی نائاسایی بەست. گۆنگرە بۆ گفتوگۆکردن و چاوخشاندنەوە بە پرۆگرام و کاروخەباتی ئەو پارتە بە تایبەتی هەڵبژاردنی دوایی کە چاوەڕوان دەکرا هادەپ سنووری دە دەرسەد ببەزێنێ و لە پەرلەمانی تورکیا دا جێگا بگرێت. ئەوەی کە پارتێکی سیاسی گۆنگرەیەکی ئاسای یانیش نائاسایی دەگرێت شتێکی ئاساییە، بەڵام نائاسایی بوونی کۆنگرەی دەهاپ

بەشداری کردنی 100 هەزار کەس بوو کە ڕەنگە مێژووی هیچ پارتێکی سیاسی شتی وای بەخۆیەوە نەبینی بێت، مەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی یۆنان و ئەسینا کە لە گۆڕەپانەکاندا نوێنەرەکانیان هەڵدەبژارد.

کۆنگرەی دەهاپ بۆمبێکی سیاسی بوو، پایتەختی تورکیای هەژاند و بانگەواز و قیرەی کوردان بوو بە گوێی کەمالیست و پەرلەمان و حوکوومەتی ئەو وڵاتەدا، درا. گۆنگرەی دەهاپ هاوکات بوو لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ گەڵاڵەی ئەو یاسایەی کە تورکیا ناوی ناوە یاسی "پەشێمانی" کە بۆ گریلا و ئەندامانی کادەک ئامادەی دەکەن، کە محاڵە کورد شتێکی وا قبوڵ بکەن، چونکە ئەوە مانای خۆکوژییە بۆ کورد و بزاڤەکەی لە باکووری کوردستاندا. بۆیە کۆنگرەی دەهاپ لەم ڕەوشەدا کە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە، کاریگەریەکی گرنگی سیاسی و مێژووی و ئەخلاقی هەیە، بۆیە لەم ڕووەوە جێگای پشتیوانی تەواوی خەڵکی کوردستانە.




کاریکاتێری رۆژنامەیەکی دانیمارکی
کاتی گرتنی هادەپ

خاڵێکی گرنگ هەیە کە پێ دەچێت دەهاپ نەتوانێت بە ئاسانی خۆی لێ دەرباز بکات، ئەویش کێشەی ئایدۆلۆژییە، بە کۆبوونەوە و گوتارەکانیاندا دەردەکەوێت کە پێدەچێت باڵی چەپی دەهاپ زۆر زاڵ بێت و نەتوانێت باڵەکانی تری کورد بەڕاست و ئیسلامییەوە بەشێوەیەکی بەربڵاوتر لە ئێستا، دەوری خۆیان ببینن، ئەمەش لە قازانجی بەرژەوەندی هەنووکەی کورددا نییە. بۆ ئەوەی دەهاپ بتوانێت دەورێکی گرنگ ببینێت، دەبێت ببێتە بەرەیەک کە هەموو کورد خۆیانی تێدابیبینەوە، باڵی چەپی تورک کە زۆر لاوزان لە دەهاپدا جێگا بۆ باڵەکانی تری کورد چۆڵ بکەن و دەهاپ بە تەواوەتی پارتێکی کوردی بێت، بەڵام دەهاپ دەتوانێت بۆ بەرژەوەندی کورد و تورکیش لەگەڵ کام پارت و ڕێکخراو و فراکسیۆن لەو وڵاتەدا هەڤاڵبەندی دروست بکات، دەنا شەمەندەفەری دەهاپ درێژە بەکاروانی پێشووی دەدات کە ئامانجی گەیشتنە بە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، ڕەنگە نزیک ببێتەوە، بەڵام بەبێ کۆکردنەوەی هەموو دەنگەکانی کورد بە هەموو باڵەکانەوە ناگاتە ئامانجی خۆیی.

ئەوەی کە تا کەی تورکیا دەتوانێت درێژە بەو (کەڕ) ێتەییەی خۆی بدات، پرسیارێکی وەختییە و هاکا نەتەیجەکەی دەربکەوێت کە بەدڵنیایەوە بە قازانجی تورکیا تەواو نابێت، بە تایبەتی لەدوای ڕمانی سەددام و لاساریەکانی تورکیا بە دژی ئەمریکا ئەو بایەخەی جارانی نەماوە، بەتایبەتی سیاسەتی تورکی لە باشووری کوردستاندا خەریکە بەتەواوەتی سەروبن دەبێت، ئەوەش بۆ خۆی گەورەترین سەرکەوتنە بۆ کورد.

ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا بە تەواوەتی وەرەقەی بەرەی تورکمانی کە خەڵکانی هەلپەرست و بەتەواوەتی نانیشتیمانین، لە دەست تورکیا دەربهێنرێت و ئەو بەڕەیەی ژێر پێی تورکیا دەربکێشرێت.

تورکمانەکانی کوردستان چارەنووسیان گرێدراوی باشووری کوردستانە نەک تورکیا، پێ دەچێت تورکمانەکان لەوە گەیشتبێتن، هەروەک چۆن ئازەری و تورک زمانەکانی سۆڤیەتی جاران، زوو خۆیان لەتەڵەی تورکیا ڕزگار کرد کە لەهەڵپەی ئەوەدا بوو یەکیەتیەک پێکبهێنێ و تورکیا خۆی ببێتە برا گەورە و سەروەریان.

ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ڕۆژنامە نووسێکی ئێرانی ساڵی 1991 نووسیبوی کێشەی کورد لە تورکیا لەفیلێک دەچێت کە 70 ساڵە خراوەتە قەفەسێکی بچوکەوە، ئێستاش پکک ئەو قەفەسەی شکاندووە، بۆیە زۆر زەحمەتە تورکیا بتوانێت جارێکی ترکێشەی کورد (فیلەکە) بخاتەوە قەفەسەکەوە. بەڕاستیش هەروایە ئەوەتا 100 هەزار کەس لەو پایەتەختەی کە خۆی کەڕ کردووە و هیچ نابیستێ، سرودی کینە ئەم دەڵێنەوە و هەموو بە یەک دەنگ دەڵێن کوردین ئەم، تورکیا مەگەر گوێچکەکانی ئاسن بن دەنا ئەو پەردەیە هەر دەدڕێت، دەهاپیش نەبێت بە ناوێکی ترەوە کورد هەر دەچنە پەرلەمانی تورکیا و یاسا ڕاسیستیەکان دەبێت بگۆردرێت.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**